# ئانانسی و زانایی

Ghanaian folktale
Wiehan de Jager
Agri Afshin
kurdisk (sorani)
nivå 3

(uten bilder)

لە سەردەمانی زوو خەڵك هیچیان نەدەزانی. خەڵك نەیاندەزانی شت بچێنن یان پارچە بدوروون یان کەرەستەی کانزایی دروست بکەن. خەڵك باوەڕیان وابوو خودایەك بە ناوی "نیاما" لە ئاسمان هەموو زانایییەکی لە لایە. ئەو هەموو زانایییەکانی لە ناو گۆزەیەکی گڵی شاردبۆوە.

ڕۆژێکیان نیاما بڕیاری دا کە گۆزەی پڕ لە زانایی بدات بە ئانانسی. هەر جارەی کە ئانانسی سەیری گۆزەکەی دەکرد، شتێکی نوێ فێر دەبوو. زۆر سەرنجڕاکێش بوو!.

ئانانسی چاوچنۆك بیری کردەوە: “ من ئەم گۆزەیە لە سەر دارێک دەشارمەوە کە تەنیا خۆم بتوانم کەڵکی لێ وەربگرم!” ئەو پەتێکی درێژی هێناو لە دەوری گۆزەکەی ئاڵاند و لە کەمەری خۆی بەست و دواتر وەسەر دارەکە هەڵگەڕا، بەڵام زۆر بە سەختی دەیتوانی بە دارەکە هەڵگەڕێ، لەبەر ئەوەی هەموو جارێ گۆزەکە بە ئەژنۆی دەکەوت.

کوڕە بچووکەکەی ئانانسی لە ژێر درەختەکە وەستابوو و چاوی لێ دەکرد و گوتی: “ ئاسانتر نەبوو ئەگەر ئەو گۆزەیەت لە کۆڵت بەستبا؟” ئەوجار ئانانسی هەوڵی دا کە گۆزەی پڕ لە زانایی لە پشتی ببەستێ. لە ڕاستیدا ئاوا زۆر ئاسانتر بوو.

خەریك بوو لە چڵی درەختەکە نزیك دەبوویەوە، بەڵام دواتر ڕاوەستا و بیری کردەوە: " قەول وابوو هەر ئەمن هەموو زانابیەکم هەبێت، بەڵام ئێستا کوڕەکەم لەمن ژیرترە!" ئانانسی زۆر توڕە بوو، بۆیە گۆزەکەی لە سەر درەختەکەوە فڕێدایە خوارەوە.

گۆزەکە شکا و بوو بە هەزار پارچە. ئەوجار زانایی ئازاد بوو بۆ هەموو کەس کە سوودی لێ وەربگرێ. بەم جۆرە بوو کە خەڵك فێربوون زەوی بکێڵن، جلوبەرگ بدوروون و کەرەستەش لە کانزا دروست بکەن و فێر بوون شتەکانی دیکەش دروست بکەن کە نەیاندەزانی.

# Barnebøker for Norge

barneboker.no

## ئانانسی و زانایی

Skrevet av: Ghanaian folktale
Illustret av: Wiehan de Jager
Oversatt av: Agri Afshin

Denne fortellingen kommer fra African Storybook (africanstorybook.org) og er videreformidlet av Barnebøker for Norge (barneboker.no), som tilbyr barnebøker på mange språk som snakkes i Norge.

Dette verket er lisensiert under en Creative Commons
Navngivelse 3.0 Internasjonal Lisens.